www.kurdistannet.org
22-10-2006 23:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست ... حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران/ کۆمیتەی نۆروێژ

ئۆسلۆ، 2006/10/13

ڕێکەوتی2006/10/12 نووسراوەیەک لە ژێرناوی "بۆ ئاگاداری ئەندامانی حیزبی دێموکرات و بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان"، لە ماڵپەڕی "بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان" بڵاو بۆتەوە. لە بەر ئەوەی بەشێکی ئەو نووسراوەیە رووی لە کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی نوروێژە، بە پێویستمان زانی ئەم روونکردنەوەیە بدەین:

کۆمیتەی حیزب هەڵبژێردراوی کۆنفرانسی گشتیی تەشکیلاتی حیزب لە نۆروێژە کە بە بەرزترین ئۆرگانی تەشکیلاتی حیزب لەم وڵاتە لە قەڵەم دەدرێ. هەر بۆیە مافی ئەوەی هەیە کار و تێکۆشانی هەموو ئۆرگان و ئەندامانی حیزب لە حەوزەی تەشکیلاتی خۆیدا هەڵسەنگێنێ و بڕیاریان لەسەربدا.

لەو سۆنگەیەدا بڕیارەکانی کۆمیتەی حیزب لە نۆرویژ ئۆتۆریتەی حیزبیی و تەشکیلاتی یان لە پشتە و تەنیا ئۆرگانە سەلاحیەتدارەکانی سەرەوە دەتوانن رەدیان کەنەوە یان ئاڵ و گۆریان بەسەردا بێنن.

بەو پێ یە ئەو بڕیارانەی کە کۆمیتەی حیزب لەم وڵاتە رۆژی04. 10. 2006 دەری کردوون، بۆ سەرجەم تەشکیلاتی حیزب، بڕیاری تەشکیلاتی و حیزبی بە حیساب دێن و بە پێی پەیرەوی نێوخۆ مەشروعییەتیان هەیە. ئیعمالی ئۆتۆریتەی حیزبی، مەرجێکی بنەڕەتی یە بۆ زیندوراگرتن و کارا هێشتنەوەی تەشکیلاتی حیزب.

دەبێ ئەوەشی لێ زیاد کەین کە بەشێک لەوزانیاریانەی لەو نووسراوەیەدا هاتوون، هەر لە بنەڕەت لە ڕا لە ڕاستی دوورن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران/کۆمیتەی نۆروێژ